www.kurdistannet.org

# قاسملوو نەمرە

برایم جەهانگیری



٢٢ی پووشپەڕ رۆژی کیمیابارانی ویژدانی مرۆڤ، رۆژی رەش هەڵگەرانی ئاسمان و کۆچکردنی پەرەسللێرکەی ئەم ولاتە تووك لێکراوە، لەم رۆژە دا گەلی کورد ماتەم دای گرت و رێژنەی خەمی بە سەردا باری ، کۆترەکان لە گوێ سوانەی بانەکان دا لارەمل بوون و فرمێسکی گەشی شللێرە وەری، ئێستاش لەم رۆژە دا شایی و داوەت و رەشبەڵەك لە بیر دەچنەوە و سەر کانی و جێژوان چۆل دەبن و پەپوو لێیان دەخوێنن، لەم رۆژە دا درۆ و ڕق و چەقۆ بە سەر ڕاستی و خۆشەویستی و ئاشتی دا زاڵ بوون، لەم رۆژە دا کەڵپی دراکولاکان بێڕەحمانە شادەماری گەردنی کیژی ئازادییان هەڵبری، ئەهریمەن باڵی فریشتەیەکی شکاند و خەڵتانی خوێنی کرد، لەم رۆژە دا هاواری بێ وەڵامی مەزلوومان پەردەی ئاسمانی دری.

ئەم فریشتەیە قاسملوو بوو، قاسملوو لە ولاتی مەلائێکە درۆزنەکان، لە ولاتی تاجرەکانی ئازادی شەهید کرا و لە سات و سەودایەکی ئاشکرا لەگەڵ بازرگانانی فرمیسك و خوێن، لەگەڵ چەتەکانی بزە، بکوژان ڕەوانەی هەرێمی ئاسوودەیی کەمتیار و گورگە مێشەکان کرانەوە.

بۆچی قاسملوویان تیرۆر کرد؟هەر لەو کاتەوە کە هێشتا لە نێو هێندێ لە ڕووناکبیرانی کورد دا قاسملوو ئەو جۆرەی کە پێویست بوو نەناسرابوو، ڕاست ئەو کاتە دوژمنان زۆر چاك هەستیان بەوە کردبوو کە قاسملوو کێیە؟ ئەوان زندەقیان لە قاسملوو چوو بوو، تەنانەت ناوی قاسملوو نەترەی بردبوون، ئەوان لەو دەمانچەیە نەدەترسان کە بە قەدی قاسملووە بوو، ترسی ئەوان لە هەنگاوەکانی قاسملوو بوو کە بێ ماندوو بوون شاخ و دۆڵی کوردستانی دەپێوا، ترسی ئەوان لەو بیر و ئەندێشەیە بوو کە لە ناو مێشکی قاسملوو دا کۆ ببۆوە و وای کردبوو کە ئۆرووپای بە هەشتی پەنابەران بە جێ بێڵێ و شان بە شانی پێشمەرگە، بەرد بە بەرد و گرد بە گرد و لووتکە بە لووتکەی ئەم کوردستانە بکاتە سەنگەر، ئەوان لەو ئیمانە شۆڕشگێڕانەیە دەترسان کە لە ناخی قاسملوودا لە مێژ بوو گورابوو و وای کردبوو کە هاوسەر و دوو منداڵی جگەرگۆشەی بە جێ بێڵی و لە جیاتی "هیوا" و "مینا" کوڕان و کچانی پێشمەرگە بە هەستی خۆشەویستی پەروەردە بکا، بۆیە دوژمن دانیشت و

www.kurdistannet.org

نەخشە و پیلانی گلاوی دارشت، پیلانی خاو، خەیاڵی خاو... لە سەر مێزی وتووێژدا دەستیان بە خوێنی گەشی قاسملوو سوور بوو، دڵە مەزنەکەیان لە لێدان خست، کاڵ فامەکان پێیان وابوو دوای قاسملوو سوارچاکانی ڕێبواری ڕێگای ئازادی زەبری ئاوزەنگیان شل دەبێ و دەستی جڵەویان دەتەزێ و لە لووتکەوە سەر بەرەو ژێر دادەگەڕێن، گەندە پیاوان پێیان وا بوو دوای ئەو شاسوارە ڕێرەوانی ڕێبازەکەی هەتڵەو لاڕێ دەبن و لە سەختە ڕێی ئەوین و خۆشەویستی دا سەردەناکەن، گێلە پیاوان نەیان زانی کە قاسملووی مەزن بەگوللەی شوورەیی نامرێ، نەیانزانی کە ئەو، خوێنە و لە ناو دەماردا دەگەڕێ، نەفەسە، لە خەوو بێداریدا بە ئەسپایی لە ژیان دەدوێ، حۆلە پیاوان نەیانزانی، ئەم ڕچە و کاروانە ڕێیە هێند کوتراوەتەوە تازە کوێر بوونەوەی هەر بۆ نیە! نەیان زانی و نەیان زانی هەر بە شەهید کردنی قاسملوو ، تەنانەت هەزاران ئینسانی خەواڵوو لە خەو ڕاپەرین و دوای ناسنامەی قاسملوو کەوتن تا بزانن ئەو گەورە پیاوە کێ بووە ئاسوودەیی تووڕە هەڵداوە و مەرگی پیرۆزی هەڵبژاردووە؟ و ئەوان نەیانزانی کە بیری قاسملوو هەموو ساڵێ لەگەڵ شنەی بلاوێنی بەهار دا و لە کوێستان و چیا سەرکەشەکانی کوردستان ڕا بەرەو شار و لادێ دادەگەڕێ و دەبێتە هەوێنی شیعر و پەخشانی هەستیاران، ئەوان نەیانزانی ڕۆژێ دادێ دیواری کۆڵان و شەقامی کوردستان دەبێتە تەختەڕەشی دەرس و مناڵەکان، قوتابیە خنجیلانەکان؛ لێی دەنووسن "قاسملوو ڕێگات دەرێژەی هەیە"! ئەوان نەیانزانی ٢٢ی پوشپەڕ دەبێتە چڵی چاویان و لەو ڕۆژە دا لاوان جەل و بەرگی کوردی لەبەر دەکەن، جەمەدانی دەکەنە ملیان و سۆرانی بۆ شۆڕ دەکەنەوە و بە هەنگاوی بە گوڕیان بەرەو چوار ڕێی و مەیدانەکان وەڕێ دەکەون تا جارێکی دیکە لەگەڵ دوکتور قاسملووی پێشمەرگە، لەگەڵ هاوڕێی شەهیدی سەرکردە پەیمان نوێ کەنەوە و ئەو وانەیە بلێنەوە، "گەلێك ئازادی بوێ، دەبی نرخی ئەو ئازادیەش بدا"

دوژمن پێی وا بوو قاسملوو شەتڵە، گەر هەڵیکێشێ و بینێتە لاوە وشك دەبێ، نەیزانی قاسملوو لقی پیرەی دارێکی سارد و گەرم چێشتووی زەمانەیە و بیشی بڕێ، دەبێتە قەڵەم و لە سەر دڵی یەك بە یەکی مرۆڤەکان وشەی خۆشەویستی، ئاشتی، ئازادی دەنووسێتەوە و پیرەداریش گەڵێ لقی دی لێ دەڕوێتەوە...

*　　　*　　　*

# پیرە دار

لەبنارێ،
پیرەدارێ،
چەتری سەری کانیەکی ساردی کوێستان بوو
لە خوارەوە،
لە نزمی دا،
جاڕێکی پڕ درك و داڵ بوو
پۆڵکە مارە و

www.kurdistannet.org

نووسەنەکەی لێ روا بوو
پێش خەزەڵوەر
وەبەر شەقی با دەکەوتن
جار جار سەرەنگرێ دەبوون
جاروبارە بوێ دەکەوتن
کە سەیری سەرێیان دەکرد
دار بە ئاستەم دەشنایەو ە...
* * *
رۆژێ لە پڕ کۆبوونەوە
بە تەور و داس،
بیور و مشار،
هەڵیان کوتایە پیرەدار
بیور و بەر بۆ جەستەی خەستەی
لق و پۆپی دار
کەوتە بەر تەوژمی مشار
چی پێ نەچوو
دیسانەکە هەر پیرەدار
لقی دەرکرد
هەزار هەزار
لەو دەمەدا
خاك توورە بوو
بانگی جاڕو دڕ و داڵی ئەم ناوەی دا:
گوێ رادێرن پێتان بێژم
پیرەداری ئەو بنارە
بووەتە باڵای ئاسمان و
لە هەر شوێنێ سەر هەڵێری
هەر لێت دیارە
پیرەدارم
قەت بە ئێوە لە بن نایە
پێرەدارم
هەزار رەگی خۆشەویستی
لە خاك داید ە...